

# پۆل ڤیریلیو وەك فەیلەسوفی خێرایی

د.ئازاد حەمە




**سەرەتا:**

**فەلسەفاندنی خێرایی**

پۆل ڤیریلیو Paul Virilio(١٩٣٢) بیرمەند و نەخشەسازی شار و کلتورولۆژیێ فەرەنسییە و لە نێوەندی فەلسەفی ڕۆژئاوا بە فەیلەسوفی خێرایی و تەکنیکی نوێ ناسراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی ناوبراو تیۆریی تایبەتی سەبارەت بە خێرایی بەهۆی داتاشینی واتای خێراییناسییەوە درۆمۆلۆژی (Dromology)داهێناوە. دەشکرێ بڵێین ڤیریلیو فەیلەسوفی تەکنیکە یان ئەو فەیلەسوفەیە فەلسەفە بەسەر تەکنیکی نوێ و گەیاندنی نوێوە دەکا، ئەو تەکنیکەی بەرهەمی ئەو گەشە ئەلەکترۆنییەیە ڕۆژئاوا لە چاخی زانیاری و جیهانیگیری پێیگەیشتووە. هەروەها ڤیریلیو سەرەتا تەلارسازی و دواتر فەلسەفەی لە سۆربۆن خوێندوە و، لەوێشرا وانەی لەمەڕ فینۆمێنۆلۆژی لەبەردەست مۆریس میرلۆ- پۆنتی Maurice Merleau-Ponty، کە یەکێ بووە لە مامۆستاکانی، خوێندووە. وەکیتریش کاریگەری بیربۆچوونی ئەنیشتاین و ئایندەناسێ ئیتالی وەك فیلیپۆ تۆماسۆ مارینێتی Filippo Tommaso Marinetti یشی بەسەرەوەیە. ئەم بیریارە فەرەنسیە تەلارناسە بەپشتگیری دێریدا لە ١٩٨٩ بووە بە بەڕێوەبەری پرۆگرامی «کۆلێژی نێونەتەوەی فەلسەفە» لە پاریس ،ئەو کۆلێژەی دێریدا لە ١٩٨٢ بۆ پەرەدان بە خوێندنی فەلسەفە لە خوێندنگا و زانکۆکانی فەرەنسا دروستیکرد. جێیسەرنجە لێرە ئاماژەبەوەشکرێ کە زۆرشت هەیە، کە ڤیریلیو لەگەڵ بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکان کۆدەکاتەوە لێ ڤیریلیو بەپێچەوانەی ئەوان تێگەیشتنی مەسیحای بۆ گەلێ لە پرسیارە هیۆمانیەکان هەیە و باوەڕی بە یەزدانیش هەیە، کە ئەم لایەنە دیوارێ دەخاتە نێوان هەندێ بۆچوونی فەلسەفی ڤیریلیو و فەیلەسوفە پاش بنەماخوازە فەرەنسییەکانەوە.

ئەم تیۆریزەکەرە کلتورییە فەرەنسییە خێرایی و تەکنەلۆژیای کردووە بەشوێن بایەخی خۆی و، بۆئەوەی وێنەی هاوچەرخمان لەسەر کاریگەری تەکنەلۆژیای تازەی ڕۆژئاوا لا دروستکا فەلسەفەیێ چڕ بەسەر مەودای ئەلەکترۆنی، خێرایی میدیا لە کۆمەڵگەی زانیاری، شەڕی ئەلەکترۆنی و خێرایی ڕوناکییەوە دەکات. دەکرێ بڵێین ڤیریلیو نەبایە ئەم بوارە لە نێوەندی فەلسەفی و ئەکادیمی فەرەنسی بێدەستکاری دەمایەوە و فەلسەفە خۆی لە قەرەی خێرایی یان ئەوەی ڤیریلیو ناویناوە خێرایی ڕوناکی نەدەدا. نەك هەرئەوە بەگشتی مەودا ، شار و خێرایی زۆرترین تیۆریزەی لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو دا بەسەرەوەکراوە و، لەمروەشەوە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی قەرزاری ئەم بیرمەندە تەلارناسەیە.

بەپێی ئەوەی ڤیریلیو لە دەم وەختی جەنگی جیهانی دووەدا لەدایکبووە هەرلەبەرئەوە زۆرجار باس لەوەدەکا جەنگ زانکۆکەی بووە و گشت شتێکیش لەوێوە سەریهەڵداوە. لێرەوە دەگەینە ئەو بینینەی جەنگ شوێنێکبووە بۆ فێربوون، فێربوون لەسەرئەوەی جەنگ وێرانسازی دێنێ، ئەڵبەتە ئەو تەکنیکەی لە جەنگا، ئەو دەمەو دواتریش، لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو لەسەر جەنگ (تەکنیکی جەنگ، تەکنەلۆژیای گەیاندن لە جەنگا، سیستمی ئەلەکترۆنی بەکاربراو لە جەنگا، میدیا و جەنگ و....) بەکاربراوە پاشماوەی تیۆری داناوە و فەلسەفەیەکی تایبەت بە جەنگیش

پێکهێناوە.

بۆئەوەی ڤیریلیو قسە لە جەنگ بکات پێویستی بەوەدەبێ قسە لە شاربکات، وەکیتریش بابەتی شار بەشێکە لە توێژینەوەکانی ئەم شارناسە فەڕەنسییە و پێشیوایە شار لەگشت شوێنێك کەوتوەتە ژێر هەڕەشەی یان تیرۆری تەکنەلۆژی و سیاسییەوە و ئەمەش لە چاخی نوێدا یان لە سەدەی بیست و یەکدا بەڕوونی دەبینرێ. بەپێی ئەوەی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە ئێستایا لە شارە هاوچەرخەکاندا بەجۆرێ ئەلەکترۆنی کاری خۆیدەکات، ئەمە وادەکات ئەم تەکنەلۆژیایە بەرهەمهێنەری خێرایی بێ لە شاری ئێستادا و خێرایی بەسەر سستیدا زاڵبکات. بۆیە لە یەکێ لە کتێبەکانیدا بەناوی «مەکینەی ڕوانگە» باسلەوەدەکا کە شار ژێرخانی تەکنەلۆژیای تازە پێکدێنێ و ئاراستەیێکیشە بۆ زاڵبوون بەسەر کاتدا. هەر لەم کتێبە تەکنەلۆژیای بینای (یان ڕوانگە) دەخاتە ژێر پرسیارەوە و شار وەك شوێنێ نیشاندەدا، کە کەوتوەتە ژێر هەڕەشەی خێرایی ڕوناکییەوە.

بەپێی دیدی تیۆری ڤیریلیو بێ شارەگەورەکان شوێنی بەیەکگەیشتنی شوێن نین بەڵکو کاتن. ئەڵبەتە داگیرکردنی کاتیش، نەك شوێن، تاکە خەمێکی تەکنەلۆژیای نوێیە بەبۆچوونی ڤیریلیو. وەکیتریش شار بەپێی سەیرکردنی فەلسەفی ڤیریلیو شاری شڵەژاوە، شوێنی سرینەوەی ڕابردوە، دامەزراندنی شوێنی بە ڕوخسار، بڵاوبوونەوەی جڤاتی دەرگا، کۆنترۆلی (پاسەوانی) ئەلەکترۆنی، بەپریڤاتکردنی گشت شتێ گشتی، یان شار ئەو شوێنەیە کە گشت شتێ تیایا بەجیهانی و سەربازیکراوە. لەم حاڵەتەدا هاوڵاتیەکان بریتیین لە یەك هاووڵاتی. بەمجۆرە ئێستا ئێمە لەناو جیهانێ پڕ لە ترسین.

جێیباسە لە فەلسەفەی ڤیریلیو دا ژینگەی سەوز بەشێکە لە قسەکانی ئەم بیرمەندە فەڕەنسیە هاوچەرخە و لەو ڕێگایەشەوە قسەدێتە سەر جوانکاری شار و خودی شارگەری urbanism. سەیرەکە لەوەدایە بەپێی بینینی ڤیریلیو ئەوەی مێژوو پاڵدەنێ تەکنەلۆژیای سەربازییە و کە باس لە تەکنەلۆژیای سەربازی نوێش دەکات بەو بۆچوونەی خۆی ئاشنامان دەکات، کە ئەو بینینە کامێرای و ڤیدیۆیەی لە جەنگا بەکاردەبرێ دەخرێتە خزمەتی ئەو بینینەوەی ئامانجی وێرانکردنە. بۆیە لە کتێبی « جەنگ و سینەما» باس لەوەدەکا هێزی سەربازی لەسەر درۆ دامەزراوە. هەروەها ئەم کتێبە باس لە بەکاربردنی سیستماتیکی تەکنیکی سینەما دەکا لە تەنگو چەڵەمەکانی سەدەی ٢٠ دا، هەروەها باس لە سروشتی جەنگ و ڕۆڵی کامیراو و فۆتۆگرافی لە هەردوو جەنگە جیهانیەکەی ئەوروپا دەکا. بەهۆی ئەم کتێبەوە بەوە ئاشنادەبین جەنگ لەناو کامێراکانا ئامادەیە، جەنگ بووە بە وێنە و پەخشدەکرێ. وێنەش هەروەك ڤایرۆس پیسی کردوین. تەنانەت لە کتێبی «مەکینەی ڕوانگە» وەختێ قسەلە کات دەکا جەخت لەوە دەکات کات بریتیە لە کاتی وێنە و ئەم جۆرە کاتە لە جەنگی داگیرکردنی ئەمریکایەکان لە ٢٠٠٣ (لە عێراق ) گەیشتە لوتکە و ئەم جەنگەش لە جەنگی میدیادا خۆیچڕکردەوە. ئەم جەنگە میدیاییە هەقیقەتی شارستانی ئەوروپا نیشاندەدا کە چۆن وێنەکان دەگۆڕێ. ڤیریلیو باس لەو بینایە (ڕوانگە) دەکات لە کامێراکاندا بنیادنراوە و بەهای چاوی کەمکردۆتەوە و ئەو گۆڕانە گەورەیەی خێرایی لە تەکنیك دروستیکردوە بێباوەڕی تیامانا دروستکردووە و وایلێکردوین باوەڕمان بە ئامرازەکانی هەستپێکردن و دەرکپێکردنمان نەمێنێ. گشت ئەمانە وایانکردوە جوانی بەهۆی گۆڕانی وێنە و بەکاربردنی کامێرا و میدیای نوێ، کە لەژێر بەزەی تەکنیکی نوێیەدایە، جێیباوەڕ نەبێ. تەنانەت لە کتێبی «خێرایی و کات» دا جەختێ زۆر لە نەمانی ڕۆڵی شوێن لەڕووی سیاسییەوە دەکات و پێیوایە فاکتەری کات جێی پڕدەکاتەوە.

هەرچی ئینتەرنێتە بابەتێ لاوازی دووتوێی توێژینەوەکانی ڤیریلیو پێکناهێنێ و هیچنەبێ لەبەرئەوەی ئینتەرنێت ڕووداوێ گەردونیە و بەهۆی ئینتەرنێتەوە مەوداوەك شتی مادی کۆتایدێ. دەشبینین چۆن لە کتێبی «کارگێریکردنی (ئیدارەکردنی) ترس Fear»، بایەخ بە مەودا دەداو جەغتلەوەدەکا کوشتنی مەودا، گەر ترس هەبێ لەبەرئەوەیە کە زەوی لە گرژبوونەوەدایە و مەوداش لە تەسکبوونەوەوە. بۆیە

ڤیریلیو لەم توێژینەوەیەیدا پێیوایە هەموو خەریکی ئیدارەکردنی ترسین. ئیدارەی ترس سیاسەتە بەبێ پۆلیس، ئیدارەی خەڵکە کە ئیدی لە هەموو شوێنێ لەماڵەوە نییە. ئەمەش وادەکات ڤیریلیو ڕەخنەی ماتریالیتێتی ژیان لە چاخی تەکنەلۆژیا بکات. بەبۆچوونی ڤیریلیو لەم کتێبەی ترس بریتیە لە شڵەژان ،گوزارەی ترس وەك داگیرکردنێ بەکاردەبا، وەك ئەو شتەی داگیرکردوین، وەك ژینگەیێ، وەك دەوروبەر ، وەك جیهان. ئەمەو ئەم بیریارە فەڕەنسییە ترس لە سنووری تریشا دەبینێتەوە وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، جەنگ و برسێتی. ڕەخنە لە ئیدیۆلۆژیای سیکوریتی، هەروەها لە سیاسەتی تەندورستییش دەگرێ و پێشیوایە ترس داگیریکردوین، خێرایی بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژییەوە گەیشتوەتە قۆناغی ترس و ترس دروستکەرە. هەرلەبەرئەوە ، بەقەولی ڤیریلیو، ئیدارەی ترس لەئێستا لەلایەن تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنی نوێوە بەڕێوەدەچێ. ئەم گەشە تەکنەلۆژییەی ڤیریلیو باسیدەکات پروپاگەندەی فیعلی لەگەڵ خۆیرایهێناوە و ئەم پروپاگەندەیەش بەهۆی میدیاوە، بەهۆی خولڤاندنە نوێکانی ستیڤ جۆبس Steve Jobs و ئەپل Apple بە ئێمە دەگات. بەبۆچوونی ڤیریلیو ئەم دەسەڵاتە زانستی- تەکنیکی و پروپاگەندەیە گشت خەسڵەتەکانی داگیرکردن، فیزیایانە و مێنتاڵیانە، دوبارە بەرهەمدێنێتەوە. هاوکات ڤیریلیو پێیوایە ئیدارەی ترس بریتیە لە کێشەی ناسنامە و بەناسنامەکردنی مەترسی Danger. ئەمەش ئەو کێشەیەیە کە ڤیریلیو لە تەکنیکی نوێیدا دەیبینێتەوە. تەکنیکی نوێ بەپێی گشت پێوانەکان ترس هێنەرە ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر ژیانی تازە.

**بۆمبی زانیاری**

بەپێی ئەم کتێبە، «بۆمبی زانیاری»(١)، پاش هاتنەناو چاخی بۆمبی ئەتۆمییەوە کەوتوینەتەناو چاخی بۆمبی زانیاری و ژینەتیکەوە کە جێی مەرگی نەوەووی و ترسی ئاخرزەمانی (ئەپۆکالیپس) گرتۆتەوە. ئەم جۆرە چاخە زەمینە بۆ هاتنی چاخی هاریکاریکردنی کوشتن خۆشدەکا. ئەو مەودا ئەلەکترۆنیەی چاخی زانیاری لەگەڵخۆیرا بۆ مرۆڤایەتی هێناوە ژیانی ڕۆژانەی ڤێرتوالیزەکردووە. لەمڕووەوە ڤیریلیو ئاماژەبۆئەوەدەکا کە «ئەمەریکا جەنگێ زانیاری لەڕێگای ئینتەرنێت، وێب و گەیاندنی گلوباڵەوە دەستپێکردوە تا کۆلۆنیالیزمی ئەلەکترۆنی بەهێزکا و کاریشبکاتەسەر عەقڵی مرۆڤەکان لە گشت شوێنێك و ئەڵبەتە سیاسەتی سەروەری ویلایەتەکانیش». بڵاوبوونەوەی فرەکلتوری، چەکیکۆمەڵکوژی و ژیانێ ڤێرتوالی فیعلی دۆزی سەرزەوی گۆڕیوە. ئەم چاخە زانیاریە کۆنترۆلێ تۆتالیتاری و ئەندازیاریێ کۆمەڵایەتی و چاودێریێ ئەلەکترۆنی، کە لەدورەوە ئەم چاودێریە جێبەجێدەکرێ، بەرهەمهێناوە. «چێژگەرای لیبراڵ و ئەو شێوە تاکگەرایەی چاخی تازە دروستیکردوە وایکردوە هەریەك بۆخۆیبێت». بەواتایێ تر چاخی زانیاری فڕێیداوینەتە ناو ژیانێکەوە هەریەکە بە ژیانی خۆیەوە سەرقاڵە. هاوکات ڤیریلیو هۆشداریئەوەماندەداتێ کە کلتوری شاشەی ئەلەکترۆنی جێگای کاتی کرۆنۆلۆژی گرتوەتەوە.

بەپێی وتنی ڤیریلیو «بەکۆتایهاتنی سەدەی بیست تەنیا دوو هەزارینە کۆتاینایێت بەڵکو زەویش وەك ئەستێرەیێك بۆ زیندەوەرەکان کۆتایی دێ. جیهانگیریش بۆ ئەم بیرمەندە تەواوکردنی پرۆسەی پەلەکردنی مێژوو نییە بەقەدئەوەی کۆتایهێنان و داخستنی بواری شیاویەکانی ئاسۆی زەوی دەگەیەنێ». جیهانیش بۆ ئێمەی مرۆڤ بە قەیران دەزانێ و فۆبیای بوارە داخراوەکان هەڕەشەیێ ڕاڕائامێزن و بە گرژبوونەوەی هیوا میتافیزیکیەکانیشمان گرژتر دەبنەوە. «دەرکەوتنی هەندێ هێزی نەوەوویش (وەك پاکستان و هیندستان و..) وایلە ئەمەریکا کرد پەلە لە هێنانەدی شۆڕشی سەربازی بکات کە لەسەر بناغەی شەری زانیاری دەروا بەڕێوە و وەبەرهێنان لە لایەنە ئەلەکترۆنیەکان دەکات تا بیکات بە جێگیری هێزی نەوەووی. لێرەوە ڤیریلیو دەخوازێ لەوە بەئاگامانبهێنێ کە بۆمبی زانیاری جێی بۆمبی نەوەووی گرتوەتەوە. ڤیریلیو دەوڵەتی ڕەفای کۆن کە لەماوەی جەنگی جیهانی دا خۆی بە هێزی ئەتۆمیەوە سەرقاڵکردبوو بە دەوڵەتی ڕەفای نوێ بەلەجیاتیدەکا

که لەسەر بناغەی بۆمبی زانیاری ڕاوەستاوە. ئەم جۆرە دەوڵەتە جەنگییە و ناوەڕۆکەکەشی تەکنیکی زانستی پیادەیدەکا خۆی لەو سەربازگەریە کلاسیکە جیادەکاتەوە پێشتر باوبووە.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە ووترا، جەنگی زانیاری ئەو جەنگەیە ،بەبۆچوونی ڤیریلیو، بەڕێوەیە و تێکشکانی لەشێوەی تێکشکانی ئابوری ڕووبەڕوویدەبێتەوە. جەنگەکە لەژێرسایەی ئەمەریکا بەرپادەبێ و سیستمی سێبێرنەتیك (ئەلەکترۆنی) هێزی دەداتێ و لەسەر سەربەخۆی سیاسی وڵاتانیش هەرەشەیە. ئەو جۆرە سیستمە زانیاریەی ئەمەریکا دروستیدەکات سیستمێ بەرگری نوێیە بەرامبەر بەو سیستمە بەرگریە کۆنەی لەماوەی جەنگی سارد دا کاریدەکرد. بە قەولی ڤیریلیو بەشێ لە مافیای جیهانی یان تاوانکارانی ئابوری دەتوانن لەڕێگای سیستمی ناوبراوەوە کاری مۆنۆپۆلی خۆیان ئەنجامدەن و فایرۆسی زانیاری بڵاوکەنەوە و بەسەر ئابوری وڵاتانیشەوە هەرەشەبن و ئەم لایەنەش ترسێکی لای ئەمەریکایەکان دروستکردوە بۆیە خۆیان بۆ جەنگ دژ بەو گروپانە ئامادەدەکەن. ڤیریلیو پێیوایە «لەژێرسایەی جەنگی زانیاری گریمانی گشت شتێك لەئارادایە». ئەم جەنگە جەنگی پاش نەوەوییە کە ژمارە ڕۆڵێ سەرەکی تیادەبینێ. واشیدەبینێ کە «جیهانگیری بازار سێ ڕەهەندی سەرەکی لێدەبێتەوە: جیۆفیزیای، تەکنۆزانستی و ئایدیۆلۆژی. ئەوەش کە کە سەرپەرشتی ئەم جیهانگیرییە دەکات ئەمەریکایە و ، ڤیریلیو وتەنی، سەختیشە ئەوە لێکدیجاکرێتەوە چۆن ئەو جەنگی ئابوری و زانیارییە بەڕێوەدەچێ».

کاتێ مرۆڤ ئەم کتێبەی ڤیریلیو دەخوێنێتەوە بەو بینینە دەگات کە «خێرایی ئەلەکترۆنی» بە شوێنێکی گەیاندوین گەرانەوە لێی ئەستەمە و فرێیداوینەتەناو کاوس (بێەترتیبی)ی بێ سنوریشەوە.بۆیە ڕەخنەێ تووندی زانینی تەکنۆزانستی دەکا و بەتایبەت ئەو زانینە زانستیەی لە بواری سەربازی و بیۆژێنەتیك دا بەکاردەبرێ. ئەو خێراییەش ئەم زانینە زانستییە هێناویەتەکایەوە «گشت پێوانە و سنورەکانی تێکشکاندووە» و دەیەوێ « بە ڕیالیتێیێ (واقیعیەتێ) خێرا بگا» و کلتورێ تەکنەلۆژیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە سەرچاوەکەی سەربازیە. ڕوونکردنەوەکانی ڤیریلیو لەبارەی خێرایی و کاتەوە گفتووگۆی مەودا و میدیاشی لەخۆگرتوە و ئەم لایەنانەش گفتووگۆکانی ڤیریلیو بەریندەکەن و بە ژیانی ڕۆژانە و سیاسەت و کاتەوە تایبەتیدەکەن. چونکە خستنە ژێرپرسیاری کات و مەودا لە توێژینەوەکانی ڤیریلیو پەیوەندی بەخستنە ژێرپرسیاری ژیانی نوێ و زانستی نوێوە هەیە، ئەو زانستە نوێیەی کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو ژیانە نوێیە داناوە. ئەو پەلەییەی تەکنەلۆژیای نوێ دروستیکردوە مانای شوێنی گۆڕیوە و ئەوی بۆ ئەم تەکنەلۆژیایە گرنگ بێ کاتە نەك جوگرافیا و برینی شوێنەکانیش تێگەیشتنی بۆ مەودا گۆڕیوە.

ترسی ڤیریلیو لە تەکنەلۆژیای زانیاری وایلێکردوە بانگەشە بۆ دروستبوونی ژینگەی شین بکات تا لەو مەترسیە دەربازمانبێ ڕووداوە ژێنەتیکی و سیاسی و زانیاریەکان دروستیدەکەن و ئەو شڵەژانەش شاری نوێ لەژێر سایەی زانستی تەکنیکی نوێ دەیژێ. ئەمەو ڤیریلیو لەم کتێبە و لە هەندێ توێژینەوەی تری بەئاگاییەوە مۆدێلی جەنگ بۆ دەستنیشانکردنی خولقاندنی میدیای نوێ بەکاردەبا و لەپاڵئەوەش ڕەخنەی کلتوری تەکنەلۆژی دەکات، واتە ئەو کلتورە ڕەتدەکاتەو بەهۆی تەکنەلۆژیای ئەلەکترۆنیەوە هاتوە تەدونیاوە. هاوکات ئەم بیرمەندە فەرەنسییە لێماننا‌شارێتەوە کە تەکنەلۆژیا هێرشدەکاتە سەر جەستە، توانای وێرانکردنی هەیە و ئەم لایەنەش لە تەکنەلۆژیای سەربازی، کە ڤێریلیو زۆر ڕەتیدەکاتەوە، چربوەتەوە. هیچکات ڤیریلیو گومانلەوەشناکات کە چاخی زانیاری ،یان تەکنەلۆژیای زانیاری، ڕۆژانە بە لێشاو زانیاریمان دەداتێ و ئەم زانیاریەش لەڕێگای میدیاوەپێماندەگا.

**خێرایی و سیاسەت**

کتێبی «خێرایی و سیاسەت»ی (٢) ڤیریلیو چەند توێژینەوەیەك لەخۆدەگرێ بە ڕوونکردنەوەی



ئابوری سیاسی خێرایی، یان خێرایناسی درۆمۆلۆژی (Dromology) یەوە تایبەتە و باسی ورد لە نەشونمای شاری نوێ و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤیەتی دەکات. بۆئەوەی درۆمۆلۆژی راڤەکانی تیۆری خێرایی و تەکنەلۆژی بەسەردەکاتەوە و ڤیریلیو بۆئەوەی وێنەی فەلسەفیشمان لەسەر خێرایی بۆ بەخشێت شارە تازەکانی ڕۆژئاوا ژێرپشکنینی دەخات. بۆ ئەو مەبەستەش جیاوازی لەنێوان شاری سەردەمی دەرەبەگایەتی و شار لەسەردەمی نوێدا دەکات. بۆ ڤیریلیو پرسیارە کە چۆن شارە شوورا ئامێرەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕوویان لەنەمانکرد؟ بەبۆچوونی ڤیریلیو ئەو جوڵەیەی لە شاری تازەدا هەیە کاریگەری خۆی لە گۆڕینی فۆرمی شار دیوە و چونکە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چەك لەخۆدەگرێ. بۆ ڤیریلیو گوازتنەوە لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەرمایەداری گواستنەوەی سەربازی بووە نەك ئابوری. واتە بەگۆڕانی شاری شێوە دەرەبەگایەتی بۆ شاری نوێ بەروبوومی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ پیشەسازی سەربازی و تەکنەلۆژیای زانیاری گۆڕا. ئەو خێراییەی لە جوڵە دروستبوو حێراییبوو لە ڕوناکی، ڕوناکی لیزەر، کە سیستمی چەکی نوێی پێکهێنا کە لەناواخنا کۆمپیوتەر لەخۆدەگرێ. ئەو جۆرە جەنگەی ئەم ڕوناکیە پیادەی دەکات گشت جوگرافیاکان تێدەپەڕێنێ و چۆنیبوێ ئاوادەگاتە ئەوێ. ئەو خێراییە لە دیدی ڤیریلیو ئەو تەکنەلۆژیای سەربازییەی دروستکرد، کە لە ئێستایا مەترسیە لەسەر ژیانمان و گشت وزەی بەشەریمانی بردوە. تەکنەلۆژیای سەربازی لەو شێوەیەی ئەمرۆ هەیە بە زانستێ تەکنیکی پشتبەستوە و هەر ئەوەشە ئەو خێراییە زۆرەی لە شارا دروستکردوە و توانای بەزانی گشت سنورەکانیشی هەیە. ئەوەش کە تەکنەلۆژیای سەربازی بەمە گەیاندوە جەنگە، چونکە جەنگ دینامۆی ئەو پەرەسەندنەیە لەو تەکنەلۆژیایە ڕوویداوە. ئەو گۆڕانە خێراییەی لە تەکنەلۆژیا ڕوویدا سیاسەتی گۆڕی، سیاسەتی شوێن بوو بە سیاسەتی کات و جوگرافیای سیاسی لەناو کاتی سیاسی توایەوە. بەواتایەکیتر، ئەو خێراییەی ڤیریلیو باسیدەکات خێرایی وێرانکردنە، خێرایی گەیاندن و خێرایی ئابوریە. کەوابێ ئەم خێراییە ترسناکە و سروشتی ڕووداو دەگۆڕێ. لەهەمانکاتدا ڤیریلیو سەرنج دەخاتە سەرئەوەش کە خێرایی ڕوناکی تەنیا جیهان ناگۆڕێ. خێرایی ڕوناکی بووە بە جیهان. جیهانگیریش بریتیە لە خێرایی ڕوناکی.

خێرایی بۆ ڤیریلیو دیاردەیەکە و قابیلە بە شیکردنەوە. خێرایی ئەو شتەیە شایانی زۆرترین شیکردنەوەیە. ئەم خێراییە لەگەڵ ئەو جەنگانەی لە سەردەمی نوێدا ، جەنگەکانی پاش دوو جەنگە جیهانیەکە، دەرکەوتون خێراییان پێویستبووە. ئەم هزرەڤانە فەرەنسییە ، وەك مێژووکردێکی جەنگ یان جەنگناس لەسەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری،

ڕاڤەی جەنگ لە چوارچێوەی واتای خێرایی دەکا و لێمانی ناشارێتەوە کە ئەم چاخی زانیاریەی لەسەرپێیە دەرگا لە جەنگی نوێ دەکاتەوە. ئەو خێراییەی ئەم جۆرە چاخە دروستیکردوە ترسناکە و شتی تری بەدەمەوەیە بۆیە ڤیریلیو پێیوایە خێرایی فیزیای تەکنەلۆژی شارستانی ئێستامانی تەنیوەتەوە و جۆرە پەڵەیەکی لەناو ژیاندا بەرهەمهێناوە. ئەو پەلەیەی تەکنیکی تازە فرێیداوەتەناو ژیانەوە سستی ڕەتدەکاتەوە و جوڵەی کردوە بە خەسڵەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ. ئەو خێراییەی ڤیریلیو باسیدەکا وەك بەرهەمی تەکنەلۆژیای نوێی دەبینێ نەك شتێ تر و کاریگەریشی بەسەر مەودا دەستنیشاندەکات.

وێرایئەوە، ئەو تەکنەلۆژیا نوێیەی هەیە بەباوەڕی ڤیریلیو پارادۆکسی خوڵقاندوە، کە لەیەککاتدا لە شوێنێ ئامادەیە و وەکیتر لەهیچ شوێنێتر. ئەم تەکنەلۆژیایە کە خێرایی هێنەرە سەرسورهێنەریشە و، بەپێیئەوەی ڤیریلیو کاریگەری ئاینی بەسەرەوەیە و باوەڕی بە یەزدان هەیە ئەم باوەڕەی لەپشت هەندێ لە بۆچوونەکانیەوەیە بۆ زانستی نوێ و ئەو ڕەخنانەش کە ئاراستەی تەکنەلۆژیای ژێنەتیکی دەکا و، پێشیوایە ئەو شۆڕشەی لەبواری ژێنەتیکدا ڕوویداوە بریتییە لە تێکدانی جەستە.

### جوانکاری دەرنەکەوتن

بیرۆکەی ئەم کتێبە، جوانکاری دەرنەکەوتن (٣)، لەوکاتانەدا لای ڤیریلیو بەرجەستەبووە، کە فرۆکە جەنگیەکانی ئەڵمانیا شاری نانتی فەرەنسی، شوێنی منالی نوسەریان، بۆردومانکردوە و تێژیانی ئەم فەیلەسوفەیان ، تایبەت بە شار و جوانکاریەکانی شار ، لە یادەوەریەکانیا بۆ هەمیشە سریوەتەوە. بۆیەشە قسەکردن لەسەر هێزی جەنگ و مانای جەنگ بۆ تێکدانی شار و شوێن لە توێژینەوە تەلارسازی و فەلسەفییەکانی ڤیریلیو کاریگەری خۆی هەیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی کەنداویش دونیایێ تیۆریزەی بەسەر تەکنەلۆژیای سەربازی و ونبوونی جوانکاری لە شارا کردوە. هەربۆیە ڤیریلیو لەم کتێبەی بە سەلیقەوە قسە لەسەر کاریگەری تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بەسەر خێرایی و هێز دا دەکات و ئەڵبەتە تیۆریزەش بەسەر هونەر و شار هەروەها تەلارسازی لە شارا دەکات. شوێنی وتنە، ڤیریلیو لەم نوسینە، و نووسینەکانی تریشیادا، ( بۆ نمونە: شاری شڵەژان ، ژینگەی سەوز، بیابانی شاشە، بۆمبای زانیاری، ئاسمانی کراوە، خێرایی و سیاسەت، جەنگ و سینەما، ڕەهەندی ون) کار لەسەر شارنشینی Urbanism نوێ دەکات و چۆنیەتی کارکردنی تەکنەلۆژیای هاوچەرخیش لە کۆمەڵگەی گلۆباڵ دا ژێرراڤەکردن دەخات. وەکیتریش دەشێ هێما بۆئەوەشکرێ، ئەم کتێبەی ڤیریلیو پەرچەکرداریيە لەمەڕ بینراو، جوڵە، خێرایی و کات کە وێنابوونەکانمان تایبەت بە شت و جیهان سەرلەبەر دەگۆڕن. بەپێی سێرکردنی ئەم کتێبە بۆئەوەی ئێمە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان تێبگەین پێویستە خێرایی، و تەکنیك، وەك فاکتەری سەرەکی مێژوو ببینین. وێرایئەوە، لە ماهیەتی نوسینەکەی ڤیریلیو دەرك بەوەشدەکەین، کە خێرایی نە باشە و نەش خراپ. کێشەکە لەوێدایە کە لەگەڵ گەشەی تەکنیك و خێرایی ئەوی پێیدەڵێن ئازادی مرۆڤ کەمدەبێتەوە

بەهۆی ئەم کتێبەی ڤیریلیووەوە لەوە حاڵیدەبین تەکنیك لە کۆمەڵگە پەلەکەری خێراییە (یان دروستکەری خێراییە) و خودی خێراییش هۆکاری سەرەکییە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. نەك هەرئەوە بگرە تەکنیك لەم کتێبە بریتیە لە کلتوری نامۆ و، تەنانەت ئەم کلتورە نامۆیە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا ڕەنگدانەوەی خۆشی هەیە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی تەکنیکی نوێ ڕۆژ لەدوای پاش ڕۆژ بێگانە و نامۆمان دەکات، هەروەها ئەم کتێبە، هەر بەناونیشانەکەشیدا دیارە لەسەر ونبوون و ئامادەنەبوونی مرۆڤە لە جیهان و چۆنیش ئەو ئامادەنەبوونە لەگەڵ نەشونمای تەکنیك دا پەلەدەکات. لەهەمانکاتدا ئەو دەرنەکەوتنەی ڤیریلیو باسیلێوەدەکات «سەرەتاکەی لە هەستیاریەوە سەرچاوەدەگرێ و چوونەناوەوەیە بۆ لۆژیکێ تر، بۆ جیهانێ تر، کە ڕاستی و ورێنە، ڕیال و ناڕیال بەشێوەی کاتی یەکتر بەلەجیاتیدەکەن «بەپێی یەکێ

له تێزەکانی ئەم کتێبەی ڤیریلیو بێ دەرکەوتن له کات و شوێن دا وندەبێ. ئەگەرچی دەرنەکەوتن بە پلەی یەك دیاردەیێ ئاگاییە، بەڵام دەرنەکەوتن لە خۆیەوە دەرناکەوێ.

وێرای ئەویوترا، خێرایی باڵا و تازەگەری هەردوو هەمانن، گەشەی تەکنیکیش لەلایەن خۆیەوە توانیویەتی لەنێوان شوێن و تێگەیشتن دا جوڵەمان پێکا. ئەگەرچی «تازەگەری دەستگرتنەبەسەر کات نەوەکو شوێن» لێ گومانی ناوێ تەقینەوەی پێوەندی نێوان کات و شوێن ئەو تازەگەرییە لێی بەرپرسیارە تەکنیك بەسەریهاتووە. بەپێی ئەوەش کە ڤیریلیو لەم کتێبە، هەروەك گشت کتێبەکانی تری، تیۆریزەبەسەر خێراییەوە دەکات ئەم تیۆریزەکردنە ئاقاری نووسینەکەی بەرەو گفتوگۆکردنی دۆزی گەشەی تەکنەلۆژیای زانیاری بردوە. ئەوەی لەم تیۆریزەکردنەوە فێریدەبین ئەوەیە، کە تەکنەلۆژیای زانیاری شاری تەنیوەتەوە و، ڕوخساری مادی شاریش کەوتوەتە ژێر زەبری تەکنیکەوە. ئەم لایەنەش هەل و مەرجێکی دروستکردوە کە لە کۆمەڵگەیەکدا بژین پربێت، یان پرکرێت، لە زانیاری. زانیاریەکان تابڵێی خێرا دێن و لەگەڵ ئەوەش زۆر پەرت و بەش بەشن. هەروەك لایسەرەوەش هێمایبۆکرا، پەلەکردن لە جووڵە ئامانجی تەکنیکە و ئەو ئامانجەش ئێمەی لە هەنووکەدا بەشوێنێ گەیاندوە گەڕانەوە لێی بووە بە ئەستەم. بێبەهاش نییە گەر باسلەوەبکەین»چۆن خواردنی پەلە هەیە ،یان چۆن خواردنی پەلە دەخۆین ،ئاواش زانیاری پەلە دەخۆین یان وەردەگرین». واتە، «زانین لە زیادبووندایە و ئەوەش کە نەناسراوە لەزیادبووندایە». بۆیە نائاسایی نییە ئەم بیرمەندە فەرەنسییە دیدێ زۆری لەسەر خێرایی هەبێ و وەك دروستکەری ژیانی نوێش ببینێ. هاووەخت بەپێی ئەوەی ڤیریلیو تیۆریزەکەرێ کلتوری سەردەمی چاخی زانیاریە پێیوایە «تیۆری ڕۆشنبیری پێویستە برینەکان لەبەرچاوبگرێ، برین لە ڕیتمی ئاگای مرۆی و تەقینەوە مۆرفۆلۆژیەکان لە ڕەهەندی مادی». لەوە گرنگتر ئەوەیە ئینتەرنێت، کە بەرهەمی چاخی زانیارییە، وەك «چەمکی مەودای بەهایی مادی نییە و سروشتیش کەوتوەتە ژێرکاریگەری عەقڵی کۆمپیوتەرەوە».

ئەم جۆرە ڕاڤەکردنەی ڤیریلیو لەم کتێبەی بەردەستمانی خستوە شاریش دەگرێتەوە، ئەو شارەی بۆ ناوبراو شوێنێکە بۆ شڵەژان. «شڵەژانی شار» گوزارەی ناسراوی ئەم بیریارە خێراییناسەیە و بوارێکیشە بۆ وتن هێنانەپێشی لەسەر پێوەندی نێوان شار و زانیاری. ڤیریلیو ووتەنیش، «شاری هاوچەرخ شارێکە بەسەر شوێن دا زاڵە، ئەم شارە و گەشەی بینینی ئێمە بۆ ئەم شارە بەرهەمی گەشەی دەسەڵاتی تەکنیکی و سەربازی شارە» نەك شتی تر. هەروەها لە ئاگایی بینینمانا، یان بینایمانا، لایەنی سیاسی و سینەمای ئامادەیە کە بینینمان بۆ شار دیاریدەکات». بۆیە خوێنەر لە میانەی شیکردنەوەکانی ڤیریلیوەوە دەخوازێ بپرسێ لە شارێ وەك شارە گلۆباڵەکانا بینایمان چیلێدێ؟ یان پاش شڵەژانی شار ، پاش ئەو خێراییەی لە شارا بەدیدەکرێ چ گۆڕانێ هاتوەتەسەر بینایمان ، یان تەماشاکردنمان، لە شارا؟

شایانی ئاماژەپێدانە ،ڤیریلیو کاتێك ئەم کتێبەی نوسیوە، ساڵی ١٩٩٦بووە، کە تەکنەلۆژیای زانیاری لە ئاستی ئەمڕۆدا نەبووە لێ شێوازی تیۆریزەکردنەکەی بەسەر خێرایی و زانیاریەوە جۆرە پێشبینییەکی بەدەمەوەیە لە ئێستاوە دور نییە.

**سەرچاوە**

١. Paul Virilio.The Information Bomb. Translated by Chris Turner. Verso. ٢٠٠٦.

٢. Paul Virilio. Speed and Politics. Translated by Mark Polizzotti. Introduction by Benjamin H. Bratton. Semiotext(e); ٢٠٠٦.

٣. Paul Virilio. Försvinnandets estetik. Översättare och förord:Peter Handberg. Bokförlaget Korpen. ١٩٩٦.

ئاینده

# ئیسلامگەرایی



# ئیسلامگەرایی


١. مەترسیەکانی ململانێی داهاتوو لە راپۆرتی ئەمنداری یەکگرتوو.......... مەلا بەختیار

٢ عەبدوڵلا مەحمود ......... کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە

٣ شکستی ئیسلامیەکان لە تاقیکردنەوەی دەسەڵاتدا..................لە فارسییەوە: مەجید مارابی

٤ مەترسیی ئیسلامگەرا بۆسەر جیهان..................لە عەرەبییەوە: کاوە حسین مەلا رەحیم

٥ ئیسلام و رۆشنگەری..........................لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد